مامۆستایانی ناڕازیی: هەژماری من گاڵتەجاڕانەیە و دەبێت بەرپرسیارەکانی دادگا جێبەجێ بکرێن



مامۆستایانی ناڕازیی ڕایانگەیاند، چاوەڕوانیان دەکرد دەسەڵات ئاسانکاری بکات و بەرپرسیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق جێبەجێ بکات، بەڵام "بەردەوام قەیرانی نوێ دروستدەکات"، دەشڵێن، ئەگەر حکومەتی هەرێم بەردەوامبێت لەسەر دابەشنەکردنی موچەی و پێداگیری لەسەر "هەژماری من" بکات کە "گاڵتەجاڕانەیە"، ئەوا دوای نەورۆز خۆپیشاندان دەستپێدەکەنەوە.

مامۆستایانی ناڕازیی لە شاری سلێمانی ئاوارەی ئەمڕۆ دوشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەیاننامەیەکیان خوێندەوە و ڕایانگەیاند، "پاش بەرپرسیارەکانی دادگای فیدراڵی لەبەرژەوەندی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانمان دەکرد دەسەڵات واز لە چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستان بهێنێت و ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان بکات بەڵام بەداخەوە دەسەڵات سورە لەسەر سزادان و برسیکردنی مامۆستایان و فەرمانبەران".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، "لە ئێستاشدا دەسەڵات جارێکی دیکە بە پاساوی گاڵتەجاڕانەی هەژماری من و نەناردنی لیستی موچەی هێزە سەربازییەکان دەیەوێت خۆی لە پابەندبون بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بدزێتەوە و بەردەوام قەیرانی نوێ بۆ هاوڵاتیان

دروستدەکەن کە تەنها ئامانجیان پەروەپشکردنی دزی و گەندەڵیەکان و ستەم و بەبارمتەکردنی موچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی مەدەنییە".

مامۆستایانی ناڕازیی دەڵێن، "ئەو خۆدزینەوە و پابەندنەبون تەنها لە سنوری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکدا نییە و دەسەڵاتدارانی سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەهەمان شێوەی دەسەڵاتدارانی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك خەمساردانە مامەڵە دەکەن و باکیان نییە بەبێ موچەی خەڵك و دەستیانکردوە بە کردنەوەی هەژماری من بەزارەملێ بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران".

لەگەڵ کۆنگرەکەدا ئەوەشیان خستەڕو، "پێویستە یەکێتی و دەسەڵاتی سنوری سەوز بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت راستگۆن لەگەڵ خەڵکی ئەم سنورە ئەوا کارەکانی هەژماری من لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و کێیە رابگرن و راستەوخۆی لیستی موچەی بۆ حکومەتی عێراق بنێرن و ڕێگەی بدەن بەزویی لەگەڵ بانکەکانی ڕەشید و رافیدەینەوە کارتی بانکی دروستبکرێت و مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراقدا بکەن".

مامۆستایانی ناڕازیی هەروەها دەڵێن، داوا لە فەرمانبەران دەکەن کە بایکۆتی کارەکانیان بکەن بەتایبەتی ئەو فەرمانگانەی کە داهات بۆ حکومەت کۆدەکەنەوە، داواش دەکەن دەستبەسەرداگرتنی موچەی کۆتایی پێبێت.